ئەحمەد شەرع بۆ سەردانێکی فەرمی گەیشتە واشنتۆن



بەرەبەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە ئەحمەد شەرع، سەرۆکی سوریا بۆ قۆناغی ڕاگوزەر بۆ سەردانێکی فەرمی گەیشتە ئەمریکا، دوای ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردودا لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش، واشنتن و لەندەن لە لیستی تیرۆر دەرهێنرا.

بەرەبەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە ئەحمەد شەرع، سەرۆکی سوریا بۆ قۆناغی ڕاگوزەر بە فڕۆکەیەکی تایبەت و بۆ سەردانێکی فەرمی گەیشتە ئەمریکا، بڕیارە لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا کۆببێتەوە و ڕێکەوتنێك واژۆ بکەن.

تۆماس باراک، نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ سوریا لە لێدوانێکدا باسی لەوەکردوە، شەرع سەردانی کۆشکی سپی دەکات بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنێک بۆ پەیوەستبون بە هاوپەیمانی دژ بە داعش.

باراک لە پەراوێزی کۆنفرانسی دیالۆگی مەنامە لە بەحرەین بە ڕۆژنامەنوسانی ڕاگەیاند، "ئەحمەد شەرع 8ی ئەم مانگە لە واشنتن لە کۆشکی سپی بەڵگنامەیەک واژۆ دەکات بۆ ئەوەی سوریا پەیوەندی بە هاوپەیمانی دژ بە داعشەوە بکات بە سەرۆکایەتی ئەمریکا".

ئەوە یەکەم سەردانی سەرۆکی سوریا دەبێت بۆ واشنتن و دوەم سەردانی بۆ ئەمریکا دەبێت لەدوای

ب□شداریکردنی ل□ ک□بون□و□ی گشتی ن□ت□و□ ی□کگرتو□کان ل□ مانگی ئ□یلولدا ل□ نیوی□رک، ک□ ل□ سا□ی

1967□و□ بو□ ی□ک□مین س□ر□کی سوریا وتار□ک ب□ ئ□و □□کخراو□ ن□ود□و□□تیی□ پ□شک□ش بکات.